# ٥ ئەکرێ جیهانێکی ترهەبێ

## مێژووی خەباتی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە

# پاکستان




شش رنگ 6RANG

وەشانگەی شەش ڕەنگ (تۆڕی لەسبییەنەکان و ترەنسجێندەرەکانی ئێران)

ژمارەی ٥

# "ئەگەر جیهانێکی تر هەبێ"

مێژووی خەباتی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان

وەشانگەی شەش ڕەنگ(تۆڕی لەسبییەنەکان و ترەنسجێندرەکانی ئێران)

شش رنگ
6RANG

وەشانگەی شەش ڕەنگ(تۆڕی لەسبییەنەکان و ترەنسجێندرەکانی ئێران)

**پێڕست:**

پێشەکی ........................................................................۴

مێژووی بزووتنەوەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان......................۵

دژبەیەکییەکانی کۆمەڵگەی پاکستان لە بواری کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان........۸

کەلێنی نێوان ترەسنجێندرەکان (T) و باقی کۆمەڵگەی کەمینە ڕەگەزییەکـان(L.G.B)

.................................................................................۱۳

پرسی "ڕەگەزی سێهەم" لە پاکستان..................................................۱۵

بزووتنەوەی هیجراکان، ترەنسەکان و سەرکەوتنەکان.................................۱۶

گۆڕانکارییە یاساییەکانی پاکستان لە نێوان ساڵەکانی ۲۰۱۹ هەتا ۲۰۲٤................۲۲

ئاکامگیری.........................................................................۲۸

هەندێک سەرچاوەی بەکارهێنراو.....................................................۲۹

## پێشەکی

بە میلیۆنـــان کەس لە کــۆمەڵگەی ئێــڵ جــی بـــی تـــی +(هاوڕەگەزخوازەکـــان، دووڕەگەزخوازەکان، ترەنسەکان و دووڕەگەزەکان) لە سەرتاسـەری جیهانــدا، کـاتێ لە جیاوازیی خواستی زایەندی و شوناسی ڕەگەزیی خۆیان لەگەڵ کلیشەکانی زاڵ بەسـەر کۆمەڵگەی دەوروبەریاندا تێدەگەن، پێیان وایە تەنیا ئەوانــن کە "جیـاواز"ن و جـاری وایە هەتا کۆتایی تەمەن لە هەستی تەنیا و دوورەپەرێزی، ئـازار دەچێـژن. زۆربەیـان پێیان وایە ئازارێک کە دەیچێژن تایبەت بە خۆیانە و مانــدووکەرە و نـاتوانن کە دۆخـی خۆیان لەم تەنیـاییەدا، بگـۆڕن. بەڵام هەنـدێکیان بـۆ گەڕان بەدوای کەسـانی وەک خۆیاندا قۆڵی هیمەت هەڵدەماڵن و تێدەگەن کە لەم دنیای پـڕ لە کێشــەیەدا تەنیـا نین و لە دەوروبەریان و لە کۆمەڵگەشدا، زۆرن ئەو کەسـانەی کە هەسـت، کێشـە و ئازار و شادیی هاوشێوەی ئەوانی ئەزموون کردبـێ. بە هـۆی ناسـینی کەسـانی تـر و قسەکردن لەگەڵیان سەبارەت بە ئازاری هاوبەش، ڕێگاکانی گۆڕانی دۆخ و دەربازبوون لە کێشەکان دەناسرێن و ڕێگاکە هەموار دەکرێتەوە.

پەکەیجی "ئەکرێ جیهانێکی تر هەبێ" بەم ئامانجە کۆ کـراوەتەوە، وەرگێـڕدراوەتەوە و بڵاو کراوەتەوە تاکوو بە ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێڵ جی بی تی+ ئێرانی بڵێـت کە تەنیـا ئەوان نـین کە لە تـاوانی بـوون و شـێوەی ژیـانی خۆیـان و تونـدوتیژییە یاسـایی و کۆمەڵایەتییەکان ئازار دەچێژن و زۆربەیان لە دۆخێکی دژواردا، لە ڕابردوو یا ئێستا بـۆ بەدەستهێنانی مافی سەرەتایی و کەرامەتـی مرۆییـان خەباتیـان کـردووە و خەبـات دەکەن. لەم پەکەیجەدا، ئەزموونی بزووتنەوەی ئێڵ جـی بـی تـی لە وڵاتـانێکی وەک هێند، ئاڵمان، تورکیە، نێپـال و پاکسـتان بـۆ گـۆڕینی یاسـا و سیاسـەتەکانمان کـۆ کردووەتەوە.  بەو هیوایەی کە کۆمەڵگەی ئێـڵ جـی بـی تـی +ی ئێرانـی بە ناسـینی وردبینـــانەی مێـــژووی کۆمەڵگەکـــانی دیـــکە و قووڵبـــوونەوە لە لەمـــپەر و دەسـکەوتەکانیان، شـێوەگەلی نـوێ و کـاریگەر بـۆ بەرەوپێشـبردنی خواسـتەکان و وەدیهێنانی داخوازییەکانیان بدۆزنەوە. ئەم وەشانە(نوسـخە) لە سـاڵی ٢٠٢٤دا بەڕۆژ

کراوەتەوە و دەپەرژێتە سەرگۆڕانکاری و هەوراز و نشێوەکانی کۆمەڵگەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لەم وڵاتانەدا کە لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵیان بەرەوڕوو بوونەتەوە. لە پێنجەمین بەشی ئەم پەکەیجەدا، باس لە گەشەکردن و گۆڕانکارییەکان کراوە کە لە پاکستاندا ڕوویان داوە و ئەم پرسە تاوتوێ کراوە.

ئەم کورتە نووسراوەیە، مێژووی گەشەکردن و گۆڕانکاریگەلێکە کە بە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکان و ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان هاتووەتە ئاراوە.

زنجیرەی یەکەمی ئەم پەکەیجە سەبارەت بە مێژووی هێند، زنجیرەی دووهەم سەبارەت بە مێژووی ئاڵمان، زنجیرەی سێهەم سەبارەت بە تورکیە و زنجیرەی چوارەمی کە سەبارەت بە نێپالە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕی شەش ڕەنگدا لەبەر دەستدایە.

## مێژووی بزووتنەوەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان

کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان، بە بەردەوامی لەژێر گوشاری تابۆ کۆمەڵایەتییەکان و هەڵاواردندا دەژین کە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە دۆخی یاساییان لە پاکستان هەیە. تەنانەت لە شارەکان و کۆمەڵگە گەورەکانیشدا کۆمەڵگەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان ناچارن ژیان و پێوەندییەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ڕەگەزخوازیی خۆیان سنووردار بکەنەوە. خواست، شوناس و دەربڕینی ڕەگەزیی ڕەگەزخوازانە و بەدەر لە دوو ڕەگەز لە پاکستاندا دەتوانێ بەدواداچوونی یاسایی بەدواوە بێت. ئەم جۆرە بەدواداچوونە کە لە ڕێگەی یاساوە شێوەیەکی قەبووڵکراو لەخۆ دەگرێت جۆرێک لە شێواز و ڕوانین بە ژیان لە مانا گشتییەکەیدا وەکوو تاوان پێناسە دەکەن. یاسای سزاکانی پاکستان بۆ ژیانی هاوڕەگەزخوازانە سزای قورسی دیاری کردووە و پێوەندیی نێوان دوو هاوڕەگەز سزای قورسی بەدواوەیە. ئەم

سزایانە تەنانەت هەندێ کات لە حاڵەتی هاوشـێوەدا بە شـێوازی جیـاواز جێبەجـێ دەکرێن. ئەم یاسایە لە ساڵی ١٨٦٠ی زایینیدا لە بەستێنی داگیرکارییەدا ئامادە کـاروە کە پاکستان بەشێک لە "هێند" بووە و بەم جۆرە بە تاوان ناسینی کەمینە زایەنـدی و ڕەگەزییەکانی هاڕەگەزخوازەکان پێوەندیی بە مێژووی داگیرکاریی بریتانیا لە هێنـددا هەیە. ئەم یاسا داگیرکەرانەیە لەژێر سێبەری پێناسـەیەک وەک "سـۆدۆمی"، ئاکـاری ڕەگەزیی هاوڕەزخوازانە بە تاوان دەزانێ. ڕەگی سۆدۆمی دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی مەسێح کە لەو چوارچێـــوەیەدا هەر جـــۆرە ئاکـــار و پێوەنـــدییەکی ڕەگەزی کە توانـــای "وەچەخســـتنەوە"ی نەبـێ، نـامۆ و تاوانبـارانە دەناسـرێت. ئێسـتاکەش پێناسـە جیاوازەکـان لە ئیسـلام و پێکهـاتەی نەریتیـی بەشـگەلێکی گەورە لە کـۆمەڵگەی پاکستانیش ئەم بەستینەی دروست کردووە کە کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لەژێر گوشارێکی زیاتردا بن.

هەرچەند لە ئێستادا دەوڵەتی پاکستان، یاسای ڕێژەیی بۆ پشـتیوانی لە ترەنسـەکان پەسەند کردووە بەڵام پێوەندیی نێوان دوو هاوڕەگەزی گەورەساڵ بە ڕەزایەتی خۆیـان بەپێی شەرع، پێبژاردنی سزای نەختـی، بەنـدکران و ئەشـکەنجەی لەگەڵە و گـرووپە مەزهەبییەکان و بەتایبەت ڕێبەرانیان بە ئاشکرا دژایەتیـی پێوەنـدیی دوو هـاوڕەگەز دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتی ئیلگا ئاسیا لەسـاڵی ٢٠٢١ دا، "کـۆمەڵگەی مەزهەبـی لە پاکسـتان بە هیچ شێوازێک پشتیوانی لە کۆمەڵگەی ئێڵ جی بی تی ناکات."

بەم حاڵەشەوە پاکستان لە ساڵانی ڕابردوودا گۆڕانکاریی تایبەتی لە بەفەرمی ناسینی شوناسی ترەنس لەژێر ناوی "ڕەگەزی سـێهەم" تێپەڕانـدووە بە جۆرێـک کە ڕوانینـی کۆمەڵایەتی لە پێوەندی لەگەڵ بینینی ترەنسـەکان، سـەرەڕای هەمـوو گوشـارەکان لەلایەن موسڵمانانی دەمارگرژ، گۆڕانکـاریی یاسـایی تـا ڕادەیەک ئەرێنیـی لە بـواری پشتیوانی لە ترەنسەکان بە دواوە بووە.

هیجـــرا لە ئاســـیای باشـــوور واتە "هێنـــد و پاکســـتان" بە بەشـــێکی گەورە لە ترەنسجێندرەکان، ئینتێرسێکسەکان و ئەو کەسانە دەوترێت کە شوناسی ڕەگەزییـان

لە دوو جۆری "ژن، و پیاو" جێگا ناگرێ. هیجراکان حەشیمەتێکی نزیک بە نیو میلیۆن کەسی لە پاکستان لەخۆ دەگرن. لەو گۆڕانکارییـانەدا کە لە زیـاتر لە دەیەی ڕابـردوودا سەبارەت بە کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان دەبینـرێ، هیجراکـان لەژێـر پێناسـەی "ڕەگەزی سێهەم" بە فەرمی ناسـراون. دۆخـی پاکسـتان لەم ڕوانـگەیەوە دۆخێکـی دژبەیەک و پارادۆکسیکاڵی لە بیاڤی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان نیشان دەداتەوە. وڵاتێک کە ئێستا لە ڕیزی دەگمەن وڵاتانی دنیادایە کە لەودا تەنانەت کارتی پێناس بە ئاماژە بە ڕەگەزی سێهەم دەر دەکرێ، هەر ئەو وڵاتەیە ک هێشتا هاوڕەگەزخوازەکـان و بەشـێکی گەورە لە کـۆمەڵگەی کەمیـنە زایەنـدی و ڕەگەزییەکـانی تێـدا بە تاوانبـار ناسراون و بەم جۆرە لەژێرگوشاری ساختاری و کۆمەڵایەتییەکی تایبەتدان.




داگیرکاری، ئیسلام و بە تاوان ناسینی پێوەندییە هاوڕەگەزخوازانەکان

**وێنەیەک لە خودای هێندی "شیوا" لە قامەتی کەسێکی "ڕەگەزی سێهەم"دا**



پاراگرافی ٣٧٧ی یاسای سزاکانی پاکستان لە سەردەمی داگیرکاری لە ساڵی ١٨٦٠ی زایینی لە پاکستان پەسەند کراوە. بەپێی ئەم یاسایە ئەوەی کە لەژێر ناوی "پێوەندی سێکسیی نائاسایی" پێناسەی بۆ دەکرێت، وەکوو پێوەندی لەگەڵ هاوڕەگەز، دەتوانێ بەندکرانی هەتاهەتایی یان لە ئاساییترین حاڵەتدا سزای ٢ هەتا ١٠ ساڵ بەندکرانی بە دواوە بێت. بەپێی لێکۆڵینەوە جیاوازەکان و لێکدانەوەی ناوەندگەلێکی وەکوو ڕێکخراوی جیهانیی لەسبییەنەکان، گەیەکان، دووڕەگەزخوازەکان و ترەنسەکان و نێوان ڕەگەزییەکان، "ئیلگا" جێبەجێکردنی یاساکانی سزادان سەبارەت بە کەمینەیە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان دەتوانێ بەپێی ئاییینی ئیسلام بێت کە لەم حاڵەتەدا، سزاگەلێکی وەکوو لێدانی ١٠٠ قامچی هەتا بەردبارانکردنی بەدواوە دەبێ. بەپێی ڕاپۆرتێک کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا بڵاو کراوەتەوە، بەپێی پاراگرافی ٣٧٧ی، زۆرتر پیاوانی هاوڕەگەزخوازن کە لەلایەن یاساوە بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ، بەپێی یاسایەک کە بە ئیسلامی دەبەستنەوە ژنانی لەسبییەنیش دەتوانن لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا سزا بدرێن.

"سارا سوهەیل" چالاکی سەربەخۆ و کوییرفێمێنیستی پاکستانی سەبارەت بە پرسی جۆراوجۆریی شوناسی زایەندی و پرسی کەمینە ڕەگەزییەکان لە بەستێنی داگیرکاریدا بە شەش ڕەنگ دەڵێ: "پێش هەموو شتێک هیجراکان کە کۆمەڵگەی خاوەن مێژووی ژنانی ترەنسن، هەزاران ساڵە کە لەم جۆگرافیایەدان . بەم جۆرە ئەم شوناسە شوناسێکی خاوەن مێژوویە. داگیرکاریی بریتانیایی پاش هەبوونی لەم ناوچەیە ئەم جۆرە لە جۆراوجۆریی ڕەگەزیی بۆ ڕوانینی پاشایەتیی خۆی بە هەڕەشەئامێز زانیوە و بەم شێوەیە ئەم کەسانەی لەژێر ئاڵای یاسای قەبیلەییدا وەکوو تاوانبار ناسی. سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازەکان و دووڕەگەزخوازەکان لە بواری فەرهەنگییەوە هەمیشە سنوورگەلێک هەبووە. ئەوان هەمیشە بوونیان هەبووە بەڵام بەرەوڕووی نکۆڵیکردن و فەرهەنگی "شتێک مەپرسە و شتێک مەڵێ" بوونەتەوە."

لە وتارێکدا کە لە مانگی فێورییەی ٢٠١٣دا لە بڵاڤۆکی "ڤیووپۆینت" بڵاو کراوەتەوە، ئاماژە بە ڕوانگەی چالاکێکی مافی مرۆڤ بە ناوی "واسیم ئاڵتاف" کراوە کە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بیروڕا یاساییە جیاوازەکانی لە ئیسلام و پرسی هاوڕەگەزخوازەکان کردووە. بە سەرنجدانی ئەم وتارە و وەکوو نموونە کە ئێستا "قوتابخانەی حەنەفی" پێوەندیی هاوڕەگەزخوازانە بە "زینا" ناوزەد ناکات، "قوتابخانەی شەفیقی" پێوەندیی هاوڕەگەزخوازانە وەکوو "زینا" پێناسە دەکات. بەڵام تەنانەت ئەم هەڵسەنگاندنەش وەکوو زینا، هەموو بابەتەکە نییە. چونکە قوتابخانەگەلێکی یاسایی هەن کە سزای زینا سەبارەت بە کەسانێک کە هاوسەرگیرییان کردووە یان نەیانکردووە بە جیاواز دەزانن. وەکوو نموونە "قوتابخانەی مەلەکی" سزای زینا سەبارەت بەو کەسانەی کە هاوسەرگیرییان کردووە بە بەردباران و بۆ ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیرییان نەکردووە بە لێدانی قامچی دەزانێ. لە حاڵێکدا کە قوتابخانە یاساییەکانی دیکەش هەبن کە سزای هەر دوو حاڵەتەکە بە بەردباران دەزانن.

هەڵاوردنەکان و بەکەمزانینی کەمینە ڕەگەزییەکان و "شەرمەزاری"یەک کە لە پاکستاندا بەسەر کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکاندا دەسەپێت لەسەر بنەمای باوەڕە مەزهەبییەکانە و دۆخەکە بۆ پێکهاتنی پێوەندیی مرۆیی لەم کۆمەڵگەیەدا دژوار

دەکاتەوە. لەلایەکەوە گۆڕانکاریگەلێک کە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ڕەگەزی سێهەم لە پاکستاندا ڕووی داوە و پەسەندکردنی یاساگەلێک لە لەم بوارەدا پێشەنگترن، باس لە کەشێک دەکەن کە تووشی دووفاقیگەلێکە کە بەستێنێک بۆ لێکدانەوەیەکی تر لە پرسە زایەندی و ڕەگەزییەکان دەکاتەوە.




دژبەیەکییەکانی کۆمەڵگەی پاکستان لە بواری کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان

## وێنەیەکی بڵاوکراو لە "گاردیەن" لە هیجراکانی پاکستان

لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی "گاردیەن" بڵاو کراوەتەوە بە شێوەیەکی وردبینانەتر ئاماژە بەم دۆخە کراوە. لەم وتارەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە لە درێژەی وتووێژێکی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە دیداری "پەرویز موشەڕەف" لەگەڵ "جۆرج بووش" لە ساڵی ٢٠٠٦دا سەبارەت بە پرسی بەهێزکردنی کەمینەکان قسە دەکرێ.

بە پشتبەستن بەم وتارە، بەدووره کە مەبەستی موشەڕەف لە کەمینەکان لەو وتووێژەدا هاوڕەگەزخوازەکانیش بووبێت، بەڵام بەشێک لە هاوڕەگەزخوازەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە جۆرێک "قەبوولکردن" لە کەشی گشتیی پاکستان خەریکی گەشەکردنە کە دەڵێی بە شێوەی بەئەنقەست هەوڵ دەدات هەستیاربوونی نەرێنی لەسەر پرسی هاوڕەگەزخوازی لە ڕێگەی چاوپۆشیکردن و سەرنجنەدان بەم بابەتە کەم بکاتەوە و پرسەکە بۆ هاوڕەگەزخوازەکان لەمە زیاتر ئاڵۆز نەکات.

لەم وتارەدا هەروەها ئاماژە بەم پرسە کراوە کە کۆمەڵەگەلێکی پێکهاتوو لە "هیجرا"کان کە ڕەگی ئێتنیکییان دەگاتەوە بە موغولەکان، لە هەموو شارە گەورەکانی پاکستاندا هەن و سەرەڕای ئەوەی کە سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازەکان بابەتی سەیروسەمەرە هەیە، بەڵام هەمیشە بە شێوەی چالاکانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێ.

بە وتەی پیاوێکی هاوڕەگەزخوازی پاکستانی لەم وتارەدا، جۆرێک لە هەڵسوکەوتی فەرهەنگی لە پاکستاندا هەیە کە تا ئاستێک، دەرفەتی ژیان بە کەسانی تر دەدات. کۆی ئەم زانیارییانە پێکەوە دۆخێکی نالەبار سەبارەت بە کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکانی پاکستان نیشان دەدات. دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیردرێت کە لەم دۆخە پارادۆکسیکاڵەی ساڵانی ڕابردوودا بووە کە بەشداریی ژنان لە کێبڕکێیەکانی ماراتۆن لەلایەن بەرپرسانی "پەنجابی"ییەوە قەدەغە ڕاگەیەندراوە و هەروەها پێوەندیی

ڕەگەزیی دەرەوە لە هاوسەرگیریی ژنان و پیـاوان دەیتـوانی سـزای لەسـێدارەدانی بە دواوە بێت.

بەم حاڵەوە پرسە فەرهەنگییەکان دەتوانن کەلێنگەلێک لەم کەشە پارادۆکسیکاڵەدا پڕ بکەنەوە و بیکەن بە دەرفەت وەکـوو ئەوەی کە : "پیـاوانی هـاوڕەگەزخواز دەتـوانن پێوەندییەکەی خۆیان بشارنەوە چونکە کۆمەڵگە لە بواری فەرهەنگییەوە تا ئاسـتێک نزیکیـی پیـاوان لەگەڵ یەکتـر بە "ئاسـایی" دەزانـێ. تەنـانەت ئەوەی کە پیـاوان لە شەقامەکان و شوێنە گشتییەکاندا دەستی یەکتر بگرن، وەکـوو ئاکـارێکی نائاسـایی لێک نادرێتەوە. بەم حاڵەوە هاوڕەگەزخوازی وەکوو هەر شتێکی دیکە کە پێوەندیی بە "پێوەندیی سێکسیی"ەوە هەیە، زۆر نهێنی دەزانرێ و وەکوو تابۆ ناسراوە.

لە زۆربەی ناوچەکانی ئاسیای باشووردا وەکوو پاکستان، کۆمەڵگەی ڕەگەزی سێهەمی ـبەو مانەیە کە لە بەشی پێشەکیی وتارەکەدا ئاماژەی پێ کراـ "هیجرا"کـان هەیە. لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم چەمکانە وەردەگێڕدرێنەوە بۆ "ترەنسجێندەر"، "ئینتەرسێکس" و یا "ڕەگەزی سێهەم". بەڵام ئەمانە هیچکامیـان ڕەنـگە وەرگێڕانێکـی ورد لە هیجـرا نەبن، چونکە بەستێنی فەرهەنگی و مێژوویی ڕەگەزی سێهەم و هیجراکان لە زمان و فەرهەنگی ئینگلیزیدا، خاوەن مێژوو نییە. ئەو چەمکانەی کە لە زمـانی ناوچەیەکـدا هەن، ڕەگیان لە فەرهەنگ و مێژوو و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەیە، هەر بۆیە دەکرێ ئاوا تێبگەین کە بەستێنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی "قەبووڵکردن"ی شوناسی ڕەگەزی ی "ڕەگەزی سێهەم" لە کـۆمەڵگەی پاکسـتاندا بـوونی هەیە. بەڵام دەبـێ بـزانین کە وەکـوو زۆربەی فەرهەنـگ و کۆمەڵگەکـان، ترەنسـجێندێرەکان و کەسانی "ڕەگەزی سێهەم" لە فەرهەنگی کـۆمەڵایەتیی داسـەپاودا، کەوتـوونەتە بەر ئازار و بەکەمزانینەوە.

ئەم دۆخە ئاڵۆزە ڕەنگە بتوانێ فۆکۆسی زۆربەی چالاکان و ڕێکخراوەکانی مافی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکـان لەسـەر پرسـی ڕەگەزی سـێهەم و بەتـاوان ناسـینی، ڕوون بکاتەوە.

## کەلێنی نێوان ترەسنجێندرەکان (T) و باقی کۆمەڵگەی کەمینە ڕەگەزییەکان(L.G.B)




دیمەنێک لە فیلمی "پوشیدە" بەرهەمی فایزان فەیاز سەبارەت بە دۆخی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان

وا دیارە یەکێک لە قەیرانەکانی بزووتنەوەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان، قەیرانی ئاشکرابوونە. لە ڕوانینێکی گشتیدا وا دێتە بەرچاو کە کۆمەڵگەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکانی پاکستان، لە ڕێگەی یاسای نادادپەروەرانە و

هەڵاواردنی کۆمەڵایەتیی بە دامەزراوەیی، بە گشتی لە کەشی گشـتی و کـۆمەڵایەتی وەلا دەنرێ و دەکەوێتە پەراوێزەوە.

فایزان فەیاز، دەهێنەری بەڵگەفیلمی "پوشیدە" ـ ژیانی نهێنیی کۆمەڵگەی ئێل جـی بی تی لە پاکستان ـ کە لە بەڵگەفیلمەکەی خۆیدا لە ساڵی ٢٠١٥ پەرژاوەتە سـەر ئەم بەشــە لە دۆخــی کــۆمەڵگەی کەمیــنە زایەنــدی و ڕەگەزییەکــان لە پاکســتان، لە وتووێژێکدا لەمبارەوە دەڵێ: "دۆخی ژیــانی نهێنــی، لایەنێکــی گرینــگ لە فەرهەنگــی پاکستانیش لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە کە ڕێک لەو کاتەدا کە زۆرێـک لە ئەنـدامانی کۆمەڵگەی ئێڵ جی بی تــی لە دەوروبەرمانــدان، ئەم شـێوازە ژیـانە بە دەگـمەن بە فەرمی دەناسرێت، چ بگا بە یاسا بۆ پشتیوانیکردن و ڕێزگرتن لەم کۆمەڵگەیە."

بەڵام هەر ئەم سیاســـەتی نکـــۆڵیکردنە و شـــاردنەوەی کەمیـــنە زایەنـــدی و ڕەگەزییەکــان و سیاســەتی ســڕینەوەیان لە گۆڕەپــانی کــۆمەڵایەتی هەمیشــە بە شــێوەی یەکســان نیــیە. ئەم قەیــرانە ســەبارەت بە ترەنســجێندەرەکان و بــاقی ئەنـــــــدامانی بنەمــــــــاڵەی کەمیــــــــنە ڕەگەزییەکــــــــان لەوانە ئێــڵ. جــی. بــی" بە شــێوەی جیــاواز لە پاکســتان خــۆی دەنــوێنێ و ئەمە خــۆی بـــووەتە قەیرانێکـــی نێوخـــۆیی لە نێـــوان کـــۆمەڵگەی کەمیـــنە زایەنـــدی و ڕەگەزییەکان و بۆ دۆخی بزووتنەوەکە.

سارا سوهەیل لەمبارەوە بە شەش ڕەنگ دەڵێ: "لە بەســتێنی ئێســتای پاکســتاندا، جیاوزاییەکی زۆر لە نێوان شوناسی ترەنس و هیجرا لەگەڵ شوناسی هــاوڕەگەزخوازانە بوونی هەیە.

ترەنسجێندرەکان بە کەڵکوەرگرتن لە یاسا، وەکــوو کەرەســتە، مەودای خۆیــان لەگەڵ هاوڕەگەزخوازەکان ڕادەگرن. ئەوان توانیویانە شوناسی مێژوویی خۆیان هەر لەم یاسا ئیسلامییەی پاکستاندا بە فەرمــی بناســن. بەم شــێوەیە کەســانی ترەنســجێندر و هیجراکان ڕواڵەتی گشتی و کۆمەڵایەتییــان هەیە لەحاڵێکــدا کە هاوڕەگەزخوازەکــان هیچکات ڕواڵەتی گشتی و کۆمەڵایەتییان نەبووە. ئەم پرسە خــۆی وەکــوو کەلێنێکــی ڕاستەقینە لە نێوان کۆمەڵگەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکاندا ڕوو دەدات."

### پرسی "ڕەگەزی سێهەم" لە پاکستان


پرسی کەسانی ترەنسجێندێر لە کـۆمەڵگەی پاکسـتان بە سـەرنجدان بە پێشـینەی مێژوویی داگیرکاری، چاوەدێریی ڕێژەیی کۆمەڵایەتی و یاساکانی ئیسلام ئـاڵۆزییەکی تایبەتیان تێدایە کە هاوکات لەگەڵ دژواری، ئەگەری چالاکی و دەرفەتێکی زۆرتـری بـۆ بەردوامیی بزووتنەوەی چالاکانی ئەم بوارە بە بەراورد لەگەڵ باقی ئەندامانی کەمیـنە ڕەگەزییەکان دروست کردووە.

سارا سوهەیل لەمبارەوە دەڵێت: "هیجراکان بە هۆی هەبوونی شوناسـی مێژوویـی، ڕواڵەتێکی ئاشکرایان هەیە و لە کۆمەڵگەدان. بەڵام بەم حاڵەشەوە سـەرەڕای ئەوەی کە شوناسی زایەندی شتێک نییە کە ئێوە بتوانن "بە تەواوەتی" بیشارنەوە، هیجراکان و ترەنسـجێندەرەکان لەگەڵ تونـدوتیژییەکی قـووڵی پێکهـاتەیی، کـۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی بەرەوڕوون.

زۆربەی منداڵانی تـرەنس و ئێنتەرسـێکس لەلایەن بنەماڵەکـانی خۆیـانەوە پەراوێـز دەخرێن. بەڵام ئەوان لە بەرانـبەر ئەم تونـدوتیژی و پەراوێزخـرانە کـۆمەڵایەتییەدا، کۆمەڵگەیەکی بچووکیان بۆ خۆیان دروست کرد و تەنانەت زمانی هاوبەشی نهێنییـان خولقانـد کە توانیـویەتی، ڕێژەیەکـی بەرچـاو تەنـاهی(ئەمنییەت) و شوناسـی کۆمەڵایەتیی بە هیجراکان ببەخشێ." سـارا جەخـت دەکـاتەوە : " پـێش سـەردەمی داگیرکاری، قەبووڵکردنی هیجراکان و ترەنسەکان لە کـۆمەڵگەدا دۆخێکـی باشـتری هەبوو. ئەم پرسە پاش داگیرکاری گۆڕانی بەسەردا هات، لە پاکسـتاندا ئەمـڕۆ ئێـوە لەگەڵ گرووپگەلێکی زۆر لە تـرەنس و هیجراکـان بەرەوڕوون کە لە بـواری سیاسـی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کەوتوونەتە پەراوێزەوە."

لە ڕاستیدا هەر دوو ڕاستییەکە سـەبارەت بە ترەسـنجێندەرەکان لە پاکسـتان بـوونی هەیە. لە لایەکەوە شوناسی زایەنـدیی سـەربەخۆی هیجراکـان خـاوەنی مێـژوویە و لەلایەکی ترەوە توندوتیژی و پەراوێزخران لە بەرانبەر ئەم شوناسەش بە دامەزراوەیـی کراوە. سڕینەوە و وەک کەمیـنە ناسـینی کـۆمەڵایەتی هاوکـات لەگەڵ هەڵاواردنـی پێکهاتەیی پرسی بژیوی ژیانی ئەم کۆمەڵگەی لە ئاستێکدا تووشی کێشە کـردووە کە

یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسەکان سەبارەت بە هیجراکان پرسی بژیوی ژیانیانە. "ڕەگەزی سێیەم" لە پاکستان بە سەرنجدان بەم دۆخە زیاتر لە ڕێگەی "سواڵکەری" و "کرێکاریی ڕەگەزی"یەوە بژیوی ژیانی دابین دەکات. ئەم پرسە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بە شێوازی جیاواز، بەکەمزانین و هەڵاواردنی ئەزموون بکەن و هەر بەم جۆرەش دۆخی تەندروستییان بەردەوام لە مەترسیدایە.




## بزووتنەوەی هیجراکان، ترەنسەکان و سەرکەوتنەکان

کۆی نیشانەکان و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان سەبارەت بە پرسی ترەنسەکان و هیجراکان وەک مێژووی شوناسی ترەنسەکان، کۆمەڵگە بچووکە سازماندراوەکان لەلایەن خودی ترەنسەکان بۆ یەکگرتوویی زیاتر، گۆڕینی یاساکان لە ڕاستای بە فەرمی ناسینی شوناسی ترەنس و ڕەگەزی سێیەم و تەنانەت بەربژێربوونی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ بەشداری لە مەجلیسی پاکستان، ئەم ڕاستییە بەهێزتر دەکاتەوە کە چالاکانی ترەنس کە لە دەیەکانی ڕابردوودا، بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە پەراوێزەکان، کۆمەڵگەی بچووکی خۆیان دروست کردبوو، توانییان لە دەیەکانی ئەم دواییەدا چالاکیی سازماندراوتر لەم بوارەدا ئەنجام بدەن.



سارا سوهەیل، لەمبارەوە دەڵێ: "گۆڕانکارییەکانی یاسا لە هاوپەیمانەتیی نێوان گرووپە مافی مرۆییەکان، فێمینیستەکان و گرینگتر لە هەمووان، چالاکانی ترەنسەوە سەری هەڵدا. چالاکانی ترەنس، کاکڵەی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانەتییەیان پێک هێنا و دۆخەکەیان بەرەو ئەم گۆڕانە ئاراستە کرد. ئەوان لە شەقامەکاندا، ئیدارەی پۆلیس و زۆربەی شوێنەکانی دیکەدا چالاکییان کرد. هەروەها لە ڕێگەی گوشاری ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە وەک "بەرنامەی گەشە و پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان" گوشاریان خستە سەر دەوڵەتی پاکستان و لە ڕێگەی هاوپەیمانەتیی کۆتایی لەگەڵ فێمێنیستەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ توانییان گۆڕانی یاسایی بەرهەم بێنن."

دەکرێ شوێنەواری بزووتنەوەبوونی دۆخەکە سەبارەت بە ڕەگەزی سێهەم، لە داواکارییەکدا ببینرێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا پێشکەشی دادگای باڵای پاکستان کرابوو.

لەم ساڵەدا دادوەری دادگای باڵای پاکستان ترەنسەکان و هیجراکان بە شوناسی "ڕەگەزی سێهەم" و وەکوو هاووڵاتیگەلێک بە ماف و بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتیی یەکسان بەفەرمی دەناسێت. "مانی ئی. کیوو" ئەندامی ڕێکخراوی "ئیلگا" خۆی لە چالاکانی بواری کەمینە ڕەگەزییەکان لەم کاتە لە پاکستان و دامەزرێنەر و کارگێڕی دامەزراوەی هەوپ (تەنیا چاوەڕوانیی ئەرێنیتان هەبێ) بووە و لەمبارەوە بە شەش ڕەنگ دەڵێ: "داواکارییەک کە ساڵی ٢٠٠٩ ڕادەستی دیوانی باڵای وڵات کرا، کەموکوڕیی هەبوو. لە ساڵی ٢٠١٦دا لە هێند، لە پێشنووسێکی یاساییدا لە "مەجلیسی خەڵکیی هێند" ئامادە و پێشنیار کرا کە ئەم پێشنووسە گەڵاڵەی بەفەرمی ناسینی ترەنسەکان لە ساڵی ٢٠١٧ لە هێند بوو. پێشنووسێک کە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەی ترەنسەوە ئامادە کرابوو. نوسخەیەک لەم گەڵاڵەیە لەلایەن حکوومەتەوە ڕادەستی کۆمیساریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران کرابوو کە ئەوان ئەم گەڵاڵەیە سەرلەنوێ، ئامادە بکەنەوە. بەڵام ئەمە ئەرکی ئەوان نەبوو، بەتایبەت کە فۆکۆسی ئەوان زیاتر لەسەر پرسی "هیجرا"کان بوو. گرووپێکی فێمێنیستی و چالاکان کە منیش لەگەڵیان بووم، پاش ئەوەی کە خەریکی ئامادەکردنی پێشنووسێک لەمبارەوە بوون کە ئەم پێشنووسە بە بەشداریی هەرچی زیاتر و ڕەنگامەتری کۆمەڵگەی ڕەگەزی سێهەم و کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان پوختەتر بوو و وەکوو پێشنووسێکی پاڵپشتیکەر لە ترەنسجێندەرەکان لە پاکستانی لێ هات کە ئێمە لە کۆتاییدا ئەوەمان پێشکەش کرد."



هەروا کە لە وتــوویژی لەگەڵ "مانی"شــدا دیــارە، گۆڕانکارییەکــان لە پاکســتان لە پێوەنــدی لەگەڵ پرســی ڕەگەزی ســێهەم، بەســتراوەتەوە بە بــزووتنەوەی کەمیــنە زایەندی و ڕەگەزییەکــان لە هێنــد، هەروا کە مێــژووی داکیرگــاری و بەتاواناســینی کەمیــنە ڕەگەزی و زایەنــدییەکانی ئەم دوو وڵاتە لە ڕێــگەی داگیرکــاریی بریتانیــاوە پێکەوە گرێ دراوە.

سارا سوهەیل لە درێژەدا دەڵێ: "بزووتنەوەی کەمینە ڕەگەزییەکانی هێنــد بەڕاســتی ئێمەی هیوادار کرد. خەڵك وەکوو ڕووداوێکی نایاب چاو لە هەڵوەشانەوەی پــاراگرافی داگیرکاریی ٣٧٧ لەلایەن دیوانی بــاڵای هێنــدەوە دەکەن. بێگومــان بــزووتنەوەکەی پاکستان لە هێند ئیلهامی وەرگرت. ئێمە لەوە دەڕوانین کە هێند چــۆن تــوانیی ئەم پرسە دەست پێ بکات. بێگومان سەرنجی ئێمە لە بزووتنەوەی ئێل، جــی بــی تــی نە تەنیا لە هێند، بەڵکوو لە نێپال، بۆتان و سریلانکا و باقی شوێنەکانی ئاسیای باشوورە.

دەنگی دادگای باڵای وڵات، لە ساڵی ٢٠١١ بەم شێوەیە ڕاگەیەندرا کە هەر پاکستانییەک کە خۆی جیا لە دوو ڕەگەزی ژن و پیاو پێناســە دەکــات، دەتــوانێ بە داواکــاریی کــارتی پێناس، ئەم شوناسە بە فەرمی بکات. پاش ئەم گۆڕانکارییانە کە بە هەوڵی چالاکــانی ترەســنجێندر و لایەنگرانــی فێمێنیســت و مــافی مرۆڤــی ڕووی دا، کــۆمەڵگەی ترەنسجێندرەکان لە پاکســتان، توانییــان بەشــداری و هاوکــارییەکی زیــاتر لە بــوارە جیاوازەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەبێ. وەکوو نموونە لە ساڵی ٢٠١٣دا بۆ یەکەم جار، "سەنەم فەخیــر" تەمەن ٣٢ ســاڵ کە وەکــوو هیجــرا بە فەرمــی ناســرابوو، بــۆ نوێنەرایەتی لە مەجلیس خۆی بەربژێر کرد. ناوبراو بە بوێرییەوە ڕایگەیاند "کۆمەڵگەی هیجرا زیاتر لە سەماکەر و سواڵکەرە.

یەکێک لە گرینگتــرین نیشــانەکانی ئەم گۆڕانکــارییە و هەروەهــا دیترانــی تــرەنس و هیجراکان لەلایەن کۆمەڵگە لە ناوەند و فێستیڤاڵە هونەرییەکانە. "کــامی" چــالاک و ترەنسجێندرێک کە لە ســاڵی ٢٠١٦دا لە ســازماندانی فێســتیڤاڵی "فــیلم، دیــالۆگ و هونەری پاکستان و دانمارک" بەشداریی چالاکانەی هەبووە هەر لەم پێوەنــدییەدا لە پەراویزی ئەم فێستیڤاڵە هونەرییەدا دەڵێ: "چیدی بەسە، ئێمەش مــرۆڤین. ئــێمە

مافی تایبەتمان ناوێ بەڵکوو دەمانەوێ مافی یەکسانمان بـۆ بەفەرمـی بناسـرێت." ناوبراو هەر لەو فێستیڤاڵەدا دەڵـێ: "ئـێمە لە هەوڵـی پێکهێنـانی کەشـێکداین کە کۆمەڵگە لە مانـای گشـتیی خۆیـدا لەگەڵ کـۆمەڵگەی تـرەنس و ڕەگەزی سـێهەم، بکەوێتە پێوەندییەوە." کامی کەسێک بوو کە خۆی لە ساڵی ٢٠١٤دا لە دامەزرێنەرانـی ئەم فێستیڤاڵە بوو. ئەم فێسـتیڤاڵ بە پشـتیوانی و دەسپێشـخەریی ناوەنـدەکانی دیکە توانیی لە شارە جیاوازەکانیشدا بەڕێوە بچێت. بۆ نموونە ناوەنـدی فەرهەنگیـی "تی. تـوو. ئێـف" لە کەراچـی لەلایەن "سـابین مەحمـوود"ەوە دامەزرابـوو. سـابین مەحموود لە ساڵی ٢٠١٥دا بە فیشەک کوژرا و " مـارووی مـاهزار" پـاش ئەم ڕووداوە، بەرپرسایەتیی ئەم ناوەنـدەی لە ئەسـتۆ گـرت. مـاهزار لە کـاتی بەڕێوەچـوونی ئەم فێستیڤاڵەدا دەڵێ: "من پێم وایە ئەمە یەکەمین بەرنامەیەک بوو کە تێییدا بینەرانی ترەنس"ترەنسجێندر" لەگەڵ بینەرانی دیکە کۆ ببـوونەوە تـا پـێکەوە کـاتێکی خـۆش بەسەر بەرن."




ڕوونکردنەوەی وێنە: خۆپیشاندەران لە مارسی ٢٠١٨دا دژی توندوتیژی دژی ترەنسەکان و بۆ بەرگری لە یاسا پشتیوانەکان بۆ ترەنسەکان لە لاهوور هاتنە سەر شەقامەکان

لە ڕاستای چالاکییەکانی چالاکانی ئەم بوارەدا کە پێش لەمە مانی و ساراش بە کـورتی باسیان لێ کردبوو و لە مەودای بە یاساییکرانی ڕەگەزی سێهەم هەتا سـاڵی ٢٠١٨ش، بەشداریی هیجراکان، ترەنسەکان و لایەنگرانیـان لە شـارە جیاوازەکـانی پاکسـتاندا دەبیندرێ، لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندا لە شاری پیشاوەر لە سـاڵی ٢٠١٥، بە وتەی ڕیپۆرتەری ڕادیۆ ئوروپـای ئـازاد، خۆپیشـاندەران خوازیـاری پەسـەندکردنی یاسـای پشتیوان بۆ ترەنسجێندرەکانن. لە کۆبوونەوەیەکی دیـکە لە سـاڵی ٢٠١٧دا لە شـاری بەنوو، بە جۆرێـک هـاتنە سـەر شـەقام، بەرانـبەر بە قەدەغەکرانـی سـەماکردن لە شوێنەکان کە بۆ ئەوان وەک سەرچاوەی مـادی بەئەژمـار دەهـات، دژایەتیـی خۆیـان دەربڕی.

یەکێکی دیـکە لە ڕووداوە مێـژووییە کاریگەرەکـان لە پێوەنـدی لەگەڵ بـزووتنەوەی ترەنسجێندر، خۆپیشاندانی سەدان ترەنس و هیجرا، لە هاوینی ساڵی ٢٠١٨ لە شـاری پیشاوەر، پاش کوشتن و لەتلەتکردنی جەسـتەی ژنێکـی تـرەنس بە نـاوی "نـازۆ" لە ڕێوڕەسمێکی شاییدا بوو. لەم خۆپیشاندانەدا هیجراکـان و ترەنسـجێندرەکان داوای جێبەجێکردنی یاسای پشتیوانیان کرد.

بەم شێوەیە و پاش بەفەرمی ناسینی شوناسی ڕەگەزیی ڕەگەزی سێهەم و هەروەهـا وەرگرتنی مافی شارۆمەندیی کۆمەڵگەی ترەنس، داواکـاریی مـاف و یاسـاگەلێک کە ڕۆڵی پشتیوانیان سەبارەت بەم کـۆمەڵگەیە لە ئەسـتۆ بـوو، زۆرتـر بـووەوە. یاسـای پشتیوان بۆ کەسانی ڕەگەزی سێهەم، کە بڕیارە پشـتیوانی ئەم کـۆمەڵگەیە لە کـاتی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی بەدامەزراوەیی لە کۆمەڵگەدا بێت، سەرنجام لە ڕۆژی ٨ی مانگی مەی ٢٠١٨ لەلایەن یەکیەتیی نەتەوەیی پاکستانەوە پەسـەند کـرا و بەم پێـیە هەنگـاوێکی گەورە بـۆ پێشـگرتن و دیـاریکردنی ڕێوشـوێنی تـایبەت دژی هەڵاواردن و توندوتیژی لەهەمبەر ڕەگەزی سێهەم، هەڵ گیرا.

بەپێی ئەم یاسا پشتیوانە دەبێ بە شێوی چالاکانە پێش بە هەڵاواردن و تونـدوتیژی دژی ئەو کەسانەی کە سەر بە ڕەگەزی سێهەمن لە قوتابخانە و ناوەندەکانی کارکردندا بگیردرێ. هەروەها بەپێی ئەم یاسایە دەبێ گۆڕانکارییەکی ئاشکرا سەبارەت بە پرسی

میرات بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم شوناسەیان هەیە بکرێت و ڕێوشـوێنێک دابنرێـت کە ناوەندگەلێک وەک ماڵ بۆ پەنـادانی بەشـێک لەم کـۆمەڵگەیە کە لە نێـو بنەمـاڵە و کۆمەڵگەدا بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە، دابمەزرێت. هەروەها بەپێی ئەم یاسـایە لە ئەگەری بەندکرانی کەسانێکدا کە شوناسی ڕەگەزی سێهەمیان هەیە دەبێ پرسـی پاراستن و ئەمنییەتیان بۆ ڕەچاو بکرێ.

## گۆڕانکارییە یاساییەکانی پاکستان لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٩ هەتا ٢٠٢٤

گۆڕانکاریی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکانی پاکسـتانی پـاش پەسـەندکردنی یاسـای ڕەگەزی سێهەم و بە پەسەندکرانی یاسای پشـتیوانی لە کەسـانی تـرەنس لە سـاڵی ٢٠١٨ هەنگـاوێکی ئەرێنیـی لە ڕاسـتای گەشـەی کـۆمەڵگەی کەمیـنە زایەنـدی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان هەڵێنا.

پێکهاتەی ئەم یاسایە ڕایدەگەینێ کە هەر کەس دەتوانێ خۆی وەکوو پیاو، ژن یان هەر دوو ڕەگەز هەڵبژێـرێ و مـافی ڕاگەیانـدنی شوناسـی ڕەگەزیـی خـۆی لە بەڵـگە فەرمییەکانی وەک کارتی پێناسی نیشتمانی، پاسپۆرت، مۆڵەتی شـۆفێری و بەڵـگەی خوێندن هەبێ.

ئەم یاسایە مافی میرات، خوێندن، دامەزراندن، دەنگدان، وەرگرتنی پۆستی گشـتی، بێهداشت، کۆڕوکۆبوونەوەکان و دەسپێڕاگەیشتن بە شوێن و کەرەسـتە گشـتیەکان گەرەنتی دەکات. هەرچەند ئەم یاسایە دژایەتیی ئاشـکرای گـرووپە دژبەرەکـان لەوانە ئیسلامییە توندئاژۆکانی بەدواوە بوو.

لە ساڵی ٢٠٢٣دا دادگای فێدراڵیی شـەریعەتی پاکسـتان بەشـێک لەم یاسـایەی لە ڕوانگەی بنەماکـانی ئیسـلامەوە بە جێگـای بـاوەڕ نەزانـی و ڕەتـی کـردەوە. بەپێـی ڕاپۆرتەکان، بەرپرسی گشتیی دادوەرەکـان، سـەید محەممەدئەنـوەر و دادوەر خـادم حوسێن لە دادگای فێدراڵی شەرعی ئیسلام ئاباد، حوکمیان کرد کە بەشی لە بەشـی

٢ و بەشەکانی ٣ و ٧ی یاسای ترەنسـجێندری ٢٠١٨، لەگەڵ فێرکارییەکـانی ئیسـلام، دژایەتیی هەیە، لە حاڵێکدا کە بەشی ٢(n)ی ئەم یاسایە دژی شەریعەت نییە. بەپێی حوکمی دادگای شەرعی، فێرکـارییە ئیسـلامییەکان، ئیـزن نـادەن کە کەسـەکان بە حەزی خۆیان ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن. حوکمی دادگا جەخت دەکـاتەوە کە ڕەگەزی تـاک دەبێ هەر ئەوە بێ کە لە کاتی لەدایکبوونیدا بۆی دیاری کراوە. هەروەهـا بەشـی ٧ بە شێوەیەکی تایبەت، بە نایاسایی ڕاگەیەندراوە چونکە ئیزن بە تاکەکـان دەدات کە بـۆ وەرگرتنی میرات، ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن. دادگا جەختی کردەوە کە میرات دەبێ بە وردی لەگەڵ ڕەگەزی بیۆلۆژیکی تاک یەک بگرێتەوە. جیـا لەمە دادگـا ڕایگەیانـد کە لە ڕوانگەی شەرعەوە ناکرێ کە کەسەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزییان، خۆیان وەکوو ڕەگەزی جیـــاواز (نێـــوان ڕەگەزی/ ئینتەرسـ‌ـــێکس) بناســـێنن کە لەگەڵ ڕەگەزی بیۆلۆژیکی خۆیان جیاوازیی هەبێ. بەپێی ئەم حوکمە دادگا بە ڕاشکاوی ڕایگەیانـد کە ئەم کەسانە ناتوانن ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن یان خۆیان وەکوو ژن یان پیاو بناسێنن.

هەروەها دەوڵەت ئەرکدارە تاکوو پێداویستیی پزیشـکی، فێرکـاری و دارایـی بـۆ ئەم کەسانە دابین بکات و مافی ئەوان بەپێی یاسایی بنەڕەتی بە فەرمی بناسێت. دادگای فێـدراڵی شـەرعی جەختـی کـردەوە کە ئیسـلام چەمکەکـانی نێـوان ڕەگەزی/ ئینتەرسێکس و یاساکانی پێوەندیدار بەمە، بە فەرمی دەناسێت و ڕایگەیاند کە ئەوان شایانی هەموو مافێکی بنەڕەتیی ئاماژەپێکراو لە یاسای بنەڕەتیدان.

بەم حاڵەوە، هەموو بڕگەکانی ئەم یاسایە هەتا کۆتایی قۆناغەکانی پێـداچوونەوە وەک خـۆی دەمێنێـتەوە. گـرووپە لۆکاڵییەکـان کە پشـتیوانی لە ترەنسـەکان دەکەن ڕایانگەیاندووە کە داوای پێداچوونەوە دەکەن.

لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٩دا، وشەی ترەنسجێندر بـۆ یەکەم جـار لەلایەن ڕێکخـراوی هەوپ، لە لاهوور لە زمانی ئوردوودا دەرکەوت و بە ناپاک وەرگێڕدا. پێش لەمە، هـیچ چەمک یان وەرگێڕانێ نەبوو کە هەموو لایەنەکانی ترەنسەکان لە زمانی ئوردوودا لەخۆ بگرێـت. هەر لەم ڕاسـتایەدا لە ئۆکتـۆبری سـاڵی ٢٠٢٢، بـۆ پشـتیوانیی باشـتر لە ترەنسەکان لە بەرانبەر، هەڵاواردن، ڕفاندن و کوشتن، دەوڵەتـی پاکسـتان هێڵێکـی

تلفـۆنی دەوڵەتیـــی دژی تونـــدوتیژی و دژایەتـــی لەگەڵ ترەنســـەکان، دامەزرانـــد. ترەنسەکان لە ٢٤ کاتژمێری شەو و ڕۆژدا دەتوانن ئازار و ئەشکەنجەکان وەکوو ڕاپۆرت، بەو ژمـــارەیە ڕابگەیێـــنن و دۆســـییەکە لە مـــاوەیەکی کوردتـــدا لەلایەن پۆلیســـەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. نەیب عەلی، چالاکی ترەنسی پاکستانی لە ڕێوڕەسمێکدا بۆ دامەزراندنی ئەم هێڵی تلفۆنە وتی: "ئەمە بۆ پاراستنی ئێمە، ڕووداوێکی مێـــژووییە." چونکە لە پاکستاندا جیا لە ئازار و ئەشکەنجە، حاڵەتەکـــانی کوشـــتن و ڕفانـــدنیش بە زۆری ڕوو دەدات.

زۆربەی ئەم حاڵەتانە هیچکات بە پۆلیس ڕاناگەیەندرێن، تا ڕادەیەک هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە کەوتوونەتە بەر ئازار بە هۆی ترس لە تۆڵەکردنەوەی تونـــدوتیژانە، لە گەیاندنی ڕاپۆرتەکان بە پۆلیس دەترسێن.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣، پارێزگای سێند پشکی یەک لەسەدیی بۆ کەسانی ترەنس لە بەشی دەوڵەتی بەفەرمی ناسینی. سێند یەکەمین پارێزگای پاکستان بـــوو کە پشـــکی بۆ کەسانی ترەنس لە بەشی دەوڵەتیی قەزاکاندا لەبەرچاو گرت. سەعید ڕانی، وەزیری زانیارییەکانی سێند لە مانگی ژانوییەی ساڵی ٢٠٢٣دا ڕایگەیاند کە لە داهـــاتوودا، یەک لەسەدی کورسییە دەوڵەتییەکانی ناوچە و قەزاکان بۆ ترەنسەکان پارێزراو دەبێ. ڕانـــی درێژەی دا: "کەسانی ترەنس دەبێ هەست بەوە بکەن کە بەشێک لە کۆمەڵگەن."



## ئایا بە یاسا پەسەندکراوەکان دەکرێ پاکستان لە ڕیزی وڵاتانی ئەمن بـۆ کەمیـنە زایەندی و ڕەگەزییەکان بناسرێ؟

ئالینا خان، تەمەن ٢٥ ساڵ، ئەکتەرێکی پاکستانیی خەڵکــی لاهــووره. نـاوبراو کە لە ساڵی ٢٠٢٣دا وەکوو "ژنی ترەنسی شایســتەی پاکســتان" هەڵبژێـردرا لە بەشـێک لە وتووێژی خۆی لەگەڵ هانا ئێلهیتامی دەڵێ: "ئەم یاسایانە تەنیا لەسەر کاغەز جێبەجێ دەکرێن. بەداخەوە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێمە هێستا شوناسی ترەنس قەبـووڵ ناکـات. هیچ یاسـا یـان ڕێسـایەک بـۆ ئەوان جێبەجـێ نـاکرێ. ئەگەر ترەنسـێک بکوژرێـت، هیچکەس ڕاپۆرتی لەسەر تۆمار ناکات یان لێکۆڵینەوە ناکا. کاتێک منـداڵێک تـرەنس بوونی خۆی ئاشکرا دەکات، بۆ بنەماڵە وەکوو عەیبە بە ئەژمار دێت و چیدیکە پاڵپشتی منــداڵەکە نــاکەن. زۆربەی کاتەکــان، لاوان مــاڵی خۆیــان بەجــێ دەهــێڵن. ئەوان شانسێکی کەمیان بۆ کار یان فێربوون هەیە و ڕێگایەکی دیکە جگە لە سواڵکەری یان چوونە ڕیزی کرێکارە ڕەگەزییەکانیان نییە."

سەرەڕای پاڵپشتییەکی ڕێژەیی کە دەوڵەتی پاکســتان لەم چەنـد ســاڵەی دوایـدا لە ترەنســەکانی کــردووە، هەروا گوشــارەکان بــۆ ســەر گرووپــی کەمیــنە زایەنــدی و ڕەگەزییەکان لە بەرزبوونەوەدایە. داداگای فێدراڵی شەریعەت لە داواکاریی خۆیـدا لە مانگی مەی ٢٠٢٣ ڕایگەیاند کە کردەوە و ئاکــاری هــاوڕەگەزخوازانە "نــائەخلاقی"یە. و "ئەم پێوەندییە نائەخلاقییە کە ئاکارەکانی شەیتانە." و بەم جۆرە بەفەرمــی، نوانـدنی ڕق و کین دژی ئەوانی دەست پێ کرد و مۆڵەتی کردەوەی توندوتیژانە دژی ئەوانی دا.

لە ٤ی مــانگی مەی ٢٠٢٣دا، ڕێکخــراوی ڕێکخســتنی یاســای دامەزراوە فێرکــارییە تایبەتەکــان (PEIRA) چــاپ، وەشــان، بڵاوکــردنەوە و وانەوتــنەوەی "کتێبــی خــولی کۆمەڵناسی" کە بـابەتی پێوەندیـدار بە هاوسـەرگیریی هاوڕەگەزخوازەکـانی تێـدایە، قەدەغە کرد.

لە مانگی مارسی ٢٠٢٢دا، دامەزراوەی کارگێڕیی بازرگانیی(IBA)ی دەوڵەتی لە کەراچی، پــاش بڵاوبــوونەوەی پۆســتێک لە دوو خوێنــدکار لە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا کە کلیپێکیان لە میــوانییەک بە نــاوەڕۆک و تێمــی هاوڕەگەزخوازەکــان لە زانکـۆدا بــڵاو

کردبـــووەوە، یەکێــک لە خوێنـــدکارەکانی بـــۆ مـــاوەی یەک ســـاڵ هەڵپەســـارد و چوونەژوورەوەی ئەوی تر بۆ نێو زانکۆ و کەڵکوەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکانی زانکـۆی بـۆ باقیساڵی خوێندنەکە لێ قەدەغە کرد.

بەرپرسایەتیی زانکۆی دەوڵەتی لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەر چەشنە چالاکیی دژ بە "نۆرم و ئەخلاق" ی ئەم دامەزراوەی بەتوندی مەحکووم کرد.

لە ساڵی ٢٠٢٠دا بەرپرسانی پاکستان گرایندر، ئاپێکی دۆزینەوەی هـاوڕێ بـۆ پیـاوانی هاوڕەگەزخوازیان بە هۆی بڵاوکردنەوەی "ناوەڕۆکی نائەخلاقی و ناشایست" بلۆک کرد.


بەم پێـــیە بە ســـەرنجدان بە تێکەڵاویـــی بەربـــڵاوی مەزهەب لە سیاســـەت و دەستێوەردانی یاسا شەرعییەکان لە یاسادانان، نـاتوانین چـاوەڕوانی جێبەجێکرانـی مافی مـرۆڤ و ڕەچـاکردنی مـافی ژنـان و کەمیـنە زایەنـدی و ڕەگەزییەکـان بـین و بەداخەوە سڕینەوەی مۆرکی بەتاوانناسین لەسەر پێوەندییەکانی هاوڕەگەزخوازەکـان کارێک نییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا جێبەجێ بکرێ.

بەپێی ڕاپـۆرتی لێبـوردنی نێـونەتەوەیی لە مـانگی مەی سـاڵی ٢٠٢٣دا و دوابەدوای سکاڵای ڕەخنەگران و توندئاژۆ موسوڵمانەکان لە پەسەندکردنی یاسای پشــتیوانی لە ترەنسەکان، دادگای فێدراڵی شــەریعەتی پاکســتان بەشــگەلێک کە پێوەنـدییان بە شوناسی ڕەگەزی، مافی دیاریکردنی شوناسی ڕەگەزی لەلایەن خودی تاکەکان و مـافی میرات بۆ کەسانی ترەنســەوە هەبـوو دژ بە بنەماکـانی ئیسـلام ڕاگەیانـد و حـوکمی ڕاگرتنی ئەم بەشانەی دەرکرد.



ڕەهاب ماهانوور، یاریدەدەری لێکـۆڵینەوەی لێبـوردنی نێـونەتەوەیی لە وڵامـی ئەم حوکمەدا سـەبارەت بە پێشـێلکردنی بەشـگەلێک لە یاسـا پشـتیوانەکان لە مـافی ترەسنەکان لەلایەن دادگای فێدڕاڵی شەریعەتی پاکستانەوە وتی: "ئەم حوکمە لێدان لە مـافی کـۆمەڵگەی ترەنسـجێندر و ئەو کەسـانەیە کە جۆراوجـۆریی ڕەگەزییـان لە پاکستاندا هەیە. جیا لەمە، هەندێک لەو تێبینییانە کە دیـوان کردوویەتـی، لەسـەر بنەمـای سـێناریۆی ئەگەری بـووە نەک بەڵـگەی ئەزمـوونی. نکـۆڵیکردنی یاسـای بنەڕەتیی کەسانی ترەنس و خاوەن جۆراوجـۆریی ڕەگەزی نـابێ بە گریمـانەیەک کە لە دەمارگژی، ترس و هەڵاواردنەوە سەرچاوە دەگرێت، ئاراستە بکـرێ. هەر کـردەوەیەک لەلایەن دەوڵەتی پاکستانەوە بۆ نکـۆڵیکردن لە مـافی شوناسـی ڕەگەزیـی کەسـانی ترەنس و خاوەن جۆراوجۆریی ڕەگەزی بکـرێ، لەگەڵ بەڵێنەکانیـان لەسـەر بنەمـای یاسای نێونەتەوەیی مـافی مـرۆڤ، واتە پەیمـانی نێـونەتەوەیی یاسـای مەدەنـی و سیاسی و کۆنوانسیۆنی مافی مرۆڤ لە دژایەتیدایە. کۆنوانسـیۆنی لابردنـی هەمـوو چەشنە هەڵاواردنێک دژی ژنان کە پاکستان یەکێک لە واژۆکەرانیەتـی، وا دەکـات کە دەوڵەتـی پاکسـتان هەنگـاوی خێـرا بـۆ پێشـگرتن لە هەڵوەشـانەوەی پاڵشـتییە پێویسـتەکان بکـا و ئەگەر بە پـێچەوانەی ئەمە بێـر، کەسـانی تـرەنس و خـاوەن جۆراوجـۆریی ڕەگەزی تەنـانەت زیـاتر لە ڕابـردوو دەکەونە بەر ئـازار، هەڵاواردن و توندوتیژییەوە."

بە حوکمی نوێی دادگای فێدراڵی شەریعەت (بەرزترین دادگای مەزهەبیـی وڵات) ئەم گەڕانەوە بۆ ٥ ساڵ پێشە نە تەنیا ترەنسەکانی پاکستان بەڵکوو زۆرێک لە ترەنسەکانی وڵاتانی دراوسێ کە کۆچیان بۆ پاکستان کردووە دەخـاتە ژێـر مەترسـیی هەڵاواردن و توندوتیژییەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ساڵی ٢٠٢٣ زۆربەی کەسانی ترەنسی ئەفغانستانی کە پاش هاتنەسەرکاری تاڵیبان بە زۆر لە پاکستاندا نیشتەجێ بوون لەژێر مەترسـیی گەڕاندنەوە و توندوتیژیی توندی هێزەکـانی پاکسـتان و موسـوڵمانی تونـدئاژۆدان و دەوڵەتی پاکستانیش پشتوانییەکی لەم کەسانە نەکردووە.



## کۆبەند

کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان سەرەڕای هەبوونی لەمپەری زۆر دەستیان بە چالاکیی ژێرزەوینی و نهێنیی و دروستکردنی بەدیل بۆ ڕێکخستن کرد. یەکێک لە هەورازەکانی خوێندنەوەی مێژووی ئەم بزووتنەوەیە لە پاکستان، ئیلهاموەرگرتن لە بزووتنەوەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە هێندە و یەکێک لە گرینگترین لەمپەرەکان نهێنی بوون و نائاشکرابوونی بەشێکی تایبەت لە کۆمەڵگەی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان واتە هاوڕەگەزخوازەکان و ئاراستەی ڕەگەزی و سۆزداریی هاوڕەگەزخوازانەیە. بەم حاڵەوە بە خوێندنەوەی بزووتنەوەی ڕەگەزی سێهەم و هیجراکان لە پاکستان و سەرکەوتنەکانی لە ساڵانی ڕابردوودا، تێدەگەین کە دەبێ لە دەرفەتەکان بۆ قازانجی ستەملێکراوان، کەمینە و گرووپە پەراویزخراوە زایەندی و ەڕەگەزییەکان زیاترین کەڵک وەربگرین. هەروەها تێدەگەین کە چالاکییە مەدەنییەکان دەبێ لە ڕاستای بەهێزکردنی دەنگە کپکراوەکاندا بن کە بە بێ پاڵپشتیی نێونەتەوەیی بۆ بەرزکردنەوەیان ناچارن تێچووی چەند قات بدەن. مێژووی کەمینە زایەندی و ڕەگەزییەکان لە پاکستان وەکوو یەکێک لە وڵاتانی ناوچە و دراوسێ بۆ ئێمە زۆر گرینگە و هیواداریین بەتایبەت بۆ کۆمەڵگەی ترەنس لە ئێران ئێلهامبەخش بێت.

## هەندێک سەرچاوەی بەکارهێنراو

وتاری ڕویتێرز سەبارەت بە دۆخی ترەنسجێندەرەکانی پاکستان لە کەشی هەڵبژاردندا:

https://www.reuters.com/article/us-pakistan-lgbt-transgender/pakistans-transgender-community-says-faced-pushback-at-general-election-idUSKBN1KG2OT

وتاری قۆنترە لەژێر ناوی "مافی کەمینەیەک":

https://de.qantara.de/inhalt/transgender-in-pakistan-menschenrechte-einer-minderheit

ڕاپۆرتی ڕادیۆ "ئورووپای ئازاد" لە خۆپیشاندانەکانی پاکستان دژی توندوتیژی و کوشتنی ترەنسجێندەرەکان:

https://www.rferl.org/a/transgender-protest-pakistan/29443925.html

شەش ڕەنگ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

- instagram.com/6rangiran
- twitter.com/6rangiran
- telegram.me/Iran6Rang
- facebook.com/6rang.Iran
- youtube.com/user/6rangIran
- info@6rang.org
- www.6rang.org

شەش ڕەنگ کوردی
6RANG

شەش ڕەنگ(تۆڕی لەسبییەنەکان و ترەنسجێندرەکانی ئێران)

www.6rang.org